**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە:٥٢٩٣ لە ٢٠٢٠/٦/٧**

پاڵپشت بەحوکمەکانی هەردوو بڕگەی (١٢ و ٢٠) لە ماددەی (٢)ی یاسای وەزارەتی تەندروستی (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٦ و ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤ بەم شێوەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی تایبەت بە هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ و ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**یەکەم : هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦**

أ- هەمـوارکردنەوەی مـاددەی (٣)لە ڕێنمـایی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١٦ بەم شـێوەی خـوارەوە لە ڕووی ڕووبەر و کوالێتی کۆگای کۆمپانیاکانی پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان :

١- ڕووبەری کۆگا نابێت لە (٢٠٠) م کەمتر بێت.

٢- هەبوونی ڕووبەرێکی خاوێن لە هاتنە ژوورەوەی کۆگا بە جۆرێک لە (٢م) کەمتر نەبێت.

٣-ڕووپۆشی زەوی کۆگا بکرێت بە مادەی ئیپوکسی یان ( کاشی مرمر یاخود گرانێت)

٤- پێویستە ژورێکی کارگێری لە کۆگا هەبێت بۆ کارەکارگێریەکان و گشت بەڵگەنامەکانی تـایبەت بە پێداویستی پزیشکیەکان لە سیستەمێکی کۆمپیتەریدا داخیل بکرێت.

٥- کۆنترۆلی پلەی گەرمی و شێ بکرێت بە ڕێگەی ئامێری (داتالۆگ) بۆ تۆمـاری (٢٤) کـاتژمێری پـلەی گەرمی شێ لە هەموو بەشەکانی کۆگا کە توانای خەزن کردنی هەبێت بۆ ماوەی (١) یەک مانگ وە پێویسـە پـلەی گەرمـی لە (٢٥) پـلە تێـپەڕ نەکـات و ڕادەی شـێ لە (٦٥) زیـاتر نەبێـت بـۆ هەمـوو بەشەکانی کۆگا.

٦- دابین کردنی کارەبا بە شێوەی (٢٤) کاتژمێری لە ڕێگەی کارەبایی نیشتیمانی یان مۆلیدەی گونجـاو لە ڕووی تواناوە.

٧- ڕێکخستنی شوێنی داخل کردنی باری پێداویستی پزیشکی و تاقیگەی و ددان لە دەرگای سەرەکی کۆگا بە جۆریک بارهەڵگرەکە نابێت بچێتە ناو هۆڵی کۆگا.

٨- پێویسـتی کۆگـای سـارد کەرەوەی هەبێـت پـلەی گەرمـی لە نێـوان (٢-٨) پـلە بێـت ئەگەر هـاتوو کۆمپانیا ئەم پێداویستی پزیشکانەی هەبێت کە پێویستیان بەم پلە هەیە.

٩- دانانی ڕەفەی تایبەت بۆ دانانی پێداویستی پزیشـکی و تـاقیگەی و ددان بە شـێوەیی زانسـتیانە و ستاندارت وەبە شێوەیەک کە لە (١٠)سم لە زەوی بەرزبێت و (٣٠)سم لە دیوار دوور بێت.

١٠- سیستەمی ئاگر کوژێنەوە هەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی (بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی).

١١- جێبەجێ کردنـی قەڵاچـۆکردنی سیسـتەمی زینـدەوەر و بەکـار هێنـانی ئـامێر و پێداویسـتیەکانی کۆنترۆلی تەندروست بۆ زیندەوەرەکان.

١٢- شێوازی رووناک کەرەوە لە ناو کۆگا داپۆشراو بێت.

١٣- بەشەکانی وەرگرتن ، کۆگاکردن ، ناردنی پێداویستی پزیشکی ناکۆک – لێک جیاکرێنەوە .

١٤- جیاکردنەوەی کەل و پەل و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان کە (سریع اشتعال) ن لە شوێنیکی تایبەت هەڵبگیرێت لە کۆگا.

١٥- ژوورێکی تایبەت هەبێت بۆ دانانی (کەل و پەل و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان ) ماوە بەسەر چووی تێدا هەڵبگیرێت.

١٦- تەواوی زانیاری پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی پێداویستی پزیشکی ددان لەسەر هەرکارتۆنیک (ایتمێک) بە کۆد بنوسرێت.

١٧- خواردن و خواردنەوە لە ناو کۆگا قەدەغەیە.

١٨- پێویستە کامیرەی چاودێری لە ناو کۆگا هەبێت بە جۆریک کۆنترۆلی هەموو بەشەکانی کۆگا بکات.

ب/ هەموار کردنی ماددەی (١٥) خاڵی (٤ ) (پ)لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەی خوارەوە لە رووی رووبەر و کوالێتی کۆگایی ئامێری پزیشکی .

١- رووبەری کۆگا نابێت لە (١٠٠) م کەمتر بیت .

٢- هەبوونی ڕووبەرێکی خاوێن لە هاتنە ژوورەوەی کۆگا بە جۆرێک لە (٢م) کەمتر نەبێت.

٣- ڕووپۆشی زەوی کۆگا بکرێت بە مادەی ئیپوکسی یان ( کاشی مرمر یاخود گرانێت) .

٤- پێویستە ژورێکی کارگێری لە کۆگا هەبێت بۆ کارە کارگێرییەکان و گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ئامێرە پزیشکیەکان لە سیستەمێکی کۆمپیتەریدا داخیل بکرێت.

٥- دابین کردنی کارەبا بە شێوەی (٢٤) کاتژمێری لە رێگەی کارەبایی نیشتیمانی یان مۆلیدەی گونجاو لە رووی تواناوە.

٦- رێکخستنی شوێنی داخل کردنی باری ئامێری پزیشکی لە دەرگای سەرەکی کۆگا بە جۆریک بارهەلگرەکە نابێت بچێتە ناو هۆلی کۆگا.

٧- سیستەمی ئاگر کوژێنەوە هەبێت بەپێی رێنماییەکانی (بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی).

٨- جێ بەجێ کردنی قەلاچۆکردنی سیستەمی زیندەوەر و بەکار هێنانی ئامێر و پێداویستیەکانی کۆنترۆلی تەندروست بۆ زیندەوەرەکان.

٩- شێوازی رووناک کەرەوە لە ناو کۆگا داپۆشراو بێت.

١٠-تەواوی زانیاری ئامێری پزیشک لەسەر هەرکارتۆنیک (ایتمێک) بە کۆد بنوسرێت.

١١- خواردن و خواردنەوە لە ناو کۆگا قەدەغەیە.

١٢-پێویستە کامیرەی چاودێری لە ناو کۆگا هەبێت بەجۆریک کۆنترۆلی هەموو بەشەکانی کۆگا بکات.

**دووەم: هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤**

بەپێی ئەم بڕگە و خاڵانەی خوارەوە : هەمواری تۆمارکردن و لقی خزمەتگوزاری پزیشکی تایبەت بە کۆمپانیا نەوتیەکان

١- برگەی (دووەم) (أ) (١) کۆمپانیا پێویستە نوسینگەی تایبەتی خۆی هەبێت رووبەرەکەی لە (٢٠٠م) کەمتر نەبێت شوێنێکی گونجاوی هەبێت نەبێتە هۆی تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان.

٢- بڕگەی (دووەم) (أ) (٥) نابێت کۆمپانیا نەخۆشەکان بگوازێتەوە بۆ بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانە حکومییەکان . تەنها ئەگەر هاتوو ئەو پسپۆرییە بە مەبەستی چارەسەر کردن پێویست بوو لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان نەبوو دەتوانرێت سوود لە کەرتی گشتی وەربگیرێت.

هەمواری دامەزراندنی کۆمپانیایی خزمەتگوزاری پزیشکی گواستنەوەی نەخۆش لە ناو هەرێم .

١- خاڵی (١) (أ) نوسینگەی تایبەتی هەبێت و لە (١٠٠م) کەمتر نەبێت و نەبێتە هۆکاری تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان و شوێنی وەستانی (٣) اموبلاسی هەبێت .

٢- خاڵی (١) (پ) دەبێت کۆمپانیایەکە لە ژێر بەرپرسیارەتی پزیشک بێت بە لایەنی کەم خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و نابێت لە کۆمپانیایەکی تر کار بکات .

٣- خاڵی (١) (ج) دەبێت پزیشکە پشتگیری سەندیکایی لایەنی پەیوەنداری هەبێت لە کوردستان.

- هەمواری ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری خزمەتگوزاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش

١- خاڵی (٢) پێویستە نوسینگەیەکی شیاوی هەبێت بۆ راپەراندنی کارەکان کە رووبەرەکەی لە (١٠٠م) کەمتر نەبێت و شوێنەکەی گونجاو بێت و نەبێتە هۆی تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان.

٢- خاڵی ( ٤) پێویستە کارکردنی کۆمپانیا لە ژێر چاودێری پزیشک بێت بە مەرجێک ماوەی خزمەتی کەمتر نەبێت لە (٥) ساڵ لە هەرێمی کوردستان و وێنەیەکی هەبێت لەگەل کۆمپانیا.

**سێیەم:**

پێویستە کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی دەرمان لە ماوەی (٣) مانگ دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) پابەندبن بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگرێتەبەر.

**چوارەم:**

ئەم ڕێنمایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**